http://jgarmianuniv.net https://doi.org/10.24271/garmian.42

# گرنگی پێگەی سیاسی و ستراتیژی خانەقی بۆ هەرێمی كوردستان

ئەدهەم رمضان ئاریان رووف عزیز

بەشی مێژوو -كۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەكان –زانكۆی گەرمیان

## پوختە

خانەقین بە درێژایی مێژووی لە رۆژهەلاتی ناوەراست خاوەن پێگەیەكی جیوسیاسی گرنگ بوە ئەم پێگە گرنگەی لە قۆناغێكی مێژووی بۆ قۆناغێكی تری مێژووی گۆرانی بەسەردا هاتوە ، لە مێژووی كۆندا لەسەردەمی ئەكەد و سۆمەریەكانەوە بیگرە هەتاكو خۆبینینەوەی وەك یەكێك لە لقە گرنگەكانی رێگەی ئاورێشم. لە مێژووی هاوچەرخیشدا سەرەرایی گۆران لە بەهایی پێگەیی جیوسیاسی بو بەخاوەن پێگەیەكی ئابورری گرنگ بەهۆی دۆزینەوەی بیری نەوت، هەروەها بوون بە سنورێكی نێودەولەتی نێوان دوو دەولەتی خاوەن بەرژەوەندی دژ بەیەك و هەمیشە ناكۆك.

لە دوای هاتنە سەرتەختی بەعسیەكان لە عێراق هەتاكو روخانی بەعسیەكان ئەم شارە توشی گەورەترین شالاوی راگواستن وبەعەرەب كردن وێرانكردن، سزادان و كوشتنی خەلكەكەی بوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت تیشك بخاتە سەر گرنگی و پێگەی جیوسیاسی خانەقین لە مێژوودا و هەروەها دواتر وەلامی ئەو پرسیارە بداتەوە كە هۆكارەكانی پەراوێزخستن و وێرانكردنی لەلایەن بەعسیەكان چین، گرنگی پێگەی سیاسی و ستراتیژی بۆ ئایندەی هەرێمی كوردستان چیە؟.

## پێشەكی

خانەقین وەكو ناوەندی ناوچەی گەرمەسێر، یەكێك لە ئەو شارانەی كە لە مێژووی رۆژهەلاتی ناوەراست پێگەیەكی دیاری هەبووە بە هۆی هەلكەوتەی جیوپولەتیكی ئەم شارە، جێگەی ململانێی هێزە نیودەولەتی هەرێمایەتیەكان بووە. هەروەها شارێگەیەكە لە گەورە رێگایی سەرەكی بازرگانی ئێران و عێراق وەستاوە و سنوری شاخ و دەشت بوە و بە گشتی جوگرافیایی ئەم شارە كاریگەری لەسەر بایەخی و پێگەی ئەم شارە لە كۆنەوە تاكو ئێستا هەبووە. ئەگەر چی لە

قۆناغێكیشدا توشی پەراوێزخستن بوبێت. پاش ماوەیەك پێگەكەی دوبارە بە دەست هێناوەتەوە. بەڵام كاتێك دەڵێین پەراوێزخراوە مەبەستمان پەراوێز خرانێكی ناسروشتیە هەربۆیە دەبێ رونی بكەینەوە كێ پەراوێزی خستوە ؟ و بۆچی؟ نوسینی توێژینەوە سەبارەت بە قۆناغەكانی مێژوویی و ئایندەی شارێكی گرنگی وەك خانەقین ئاڵوزیەكی یەكجار زۆر دروست ئەكات، بەلاَم دەبێ ئەوە بلێین كە ئامانجی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە دەستپێكردن و وروژاندنی بابەتەكەیە و دەیەوێت تیشك بخاتە سەر ئەو گۆرانكاریانەی كە بەسەر گرنگی سیاسی و ئابوری و جیوسیاسی ئەم شارەدا هاتون و شیان بكاتەوە ، بۆیە ئەم توێژینەوەیە نایەوێت وەلاَمی هەموو پرسیارەكان بداتەوە، بەڵكو دەیەوێت بە ئاماژە كردن بە گرنگی چەند لایەنی شاری خانەقین لە كونەوە تا ئێستا رونی بكاتەوە و چەند گریمانیەك بخاتە روو:

گریمانەی یەكەم : ترسی بەعسیەكان لە خانەقین، بەهۆی بەشداری كارایانە لە جموجولە سیاسیی و سەربازیەكانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی كورد، بەعسیەكان ئامانجیان بوو ئەم جموجولە لە چرۆ وشك بكەن.

گریمانەی سێیەم: ئایا ئەم شارە بە مەبەست پەراوێزخراوە تاكو نەبێتە بەشێك لە كوردستان؟ گریمانەی دووەم: ئەوەیە كە بەعسیەكان ژێرخانی ئابووری ئەم شارە و دیمگرافیاكەیان تێكداوە بەهۆی كوردبونیەوە،

رێبازی لیكۆڵینەوە لە توێژینەوەكە شیكاری و راڤەی بەڵگە مێژوویەكانە بە پشت بەستن بە میتۆدی مێژووی و سیاسی.

لێرەدا پرسیارێك دروست ئەبێت ئەویش ئەمەیە كاتێك باسی گرنگی خانەقین لە كۆنەوە دەكەین، دەبێت ئەوە بڵێین گرنگی خانەقین لەكۆنەوە بۆ كێیە؟ لەوەلاَمدا دەڵێین گرنگی ئەم شارە بۆ هەرێم كوردستانە لەلایەك و عێراق لە لایەكی ترەوە ، تەنانەت گرنگیەتی بۆ ولاَتێكی هاوسنوری كە ئەویش ئێرانە، هەربۆیە باسكردن لە پێگەو گرنگی ئەم شارە ئاڵۆزە ، بۆئاسانكردنی ئەم كێشەیە هەوڵ ئەدەین لە چەند رەهەندێكەوە باسی ئەم گرنگیە بكەین، بە جۆرێك كە گرنگی سیاسی و ئابوری و جیۆپۆلتیكی و جیۆستراتیژی ئەم شارە لە خۆ بگرێت.

ئەم توێژینەوەیە لە سێبەش پێكهاتوە، بەشی یەكەم ئاوردانەوەیە لە مێژووی دێرینی خانەقین و رونكردنەوە و پیشاندانی گرنگی هەمەلایەنیەی ئەم شارە، بەشی دووەمیش باسی گرنگی خانەقین دەكات لە مێژووی هاوچەرخ، بەشی سێیەمیش تیشك دەخاتە سەر خانەقین لە دوای كۆتاییهاتنی دەسەلاَتی بەعسیەكان تاكو ئێستا. بە پێی دابەشكردنەكە ، سەرەتا باسی گرنگی خانەقین لەرابردوو دەكەین و لە رەهەندی سیاسی و ئابوری و جیوپولتیكی و

جیوستراتیژی، پاشان لە تەوەری دووەم و سێیەم ئەو لایەنانە لە مێژووی هاوچەرخی ئەم شارە دەخەینە ژێر پرسیار و لیکۆڵینەوە.

## بەشی یەکەم / مێژووی کۆنی خانەقین و پێگەی جیو سیاسی

### تەوەری یەکەم / مێژووی کۆنی خانەقین

بۆ ئەوەی گرنگی و بایەخی شاری خانەقین لە رووی سیاسی و ئابووری پیشان بدەین پێویستە لە رووی جوگرافیاوە بە وردی شوێنی ئەم شارە رون بکەینەوە بە تایبەت نیشاندانی ئاستی نزیکی و دووری لە ناوەندەکانی هێز و دەسەلاَت و دەوڵەمەندی و رێگا بازرگانیەکان.

لە روی جوگرافیاوە خانقین دەکەوێتە باشووری رۆژهەلاَتی کوردستانی باشوور، هاوسنوری ولاَتی ئێرانە، دراوسێی ناوچە عەرەب نشینەکانی عێراقە، روباری ئەڵوەن لە ناوەراستی تێدەپەرێت ئەم روبارە ئەگەر چی گەورە نیە بەلاَم روبارێکی چوار وەرزیە و کاریگەری یەکجار زۆری لەسەر سەوزاری و کشتوکاڵ و هەورەها جوانی شاری خانقین داناوە ، بۆنمونە لە کتێبی (تاریخ النجف) باسی دیدارێکی دەکات، کە کامل پاشا (گەورە وەزیری دەوڵەتی عوسمانی کە لە قوستەنتینەوە لەسەر فەرمانی خەلیفەی عوسمانی هاتوە)، لە خانەقین پێشوازی لە ناصرالدین شایی قاجارکردوە، کە هەر لە بەر جوانی ئەم شارە ناصرالدین شا بۆ ماوەی سێ رۆژ باخچەیەکی کردوە شوێنی حەوانەوەی بە ناوی (باخچەی نەجیبیە )کە (ئێستە بە مەجیدیە ناسراوە). [3]

هەروەها ئەبو دلف خۆرجی ئاماژە بە بایەخی شاری خانەقین دەدات و دەڵێت ئەم شارە نەوتی زۆری تێدایە پاشان وەسف و پێناسەی شارەکە دەکات وئاماژە بە پردی سەر روباری ئەڵون دەکات و دەڵیت لە ناوشارەکەدا پردێکی گەورە هەیە کە ٢٤ تاقی هەیە کە هەر تاقێك بە زەوی پانی جادەی خوراسان بەسەرە وکوفەیە و دواتر بایەخ و گەورەیی شارەکە روندەکاتەوە. [33]

جیا لە روباری ئەڵوەن، روباری سیروان کە یەکێکە لە گەورە روبارەکانی رۆژهەلاَتی ناوەراست لە تەنیشتی رۆژئاوای ئەم شارەدا تێدەپەرێت. دەتوانین بلێن کە ناوچەی خانەقین و دەوروبەری نێوان دوو روباری بچوکی پێن هێناوە (*) ئەم

* مەبەست لە دوروباری گەورە نێوان دیجلە و فوراتە.

دوو روبارە بوەتە هۆی بە پیتپونی زەوی بەگشتی و داهاتی زەوی کشتوکاڵی و باغداری. بەرهەمی سەرەکی ئەم ناوچەیە گەنم و جۆ و خورما و پرتەقاڵ لیمۆ و برنجە. هەروەها ئاژەڵداری کە پیشەی سەرەکی لادێکانی دەوروبەریەتی. بەگشتی خانەقین لە روی ئابوریەوە ناوچەیەکی سەربەخۆ بوە و تەنانەت بەرهەمی ئەم شارە هەناردەکراوە بۆ دەوروبەری .[ةةة] سەبارەت بە گرنگی ئابووری شاری خانەقین دەتوانین بڵێین ئەم شارە بەهۆی وەستان لە ڕێگایی بازرگانی ئاورێشم دروست بووە، لێرەدا مەبەست کەمکردنەوەی بایەخی لایەنەکانی تر نیە. تەنها ئاماژە بە سەرچاوە مێژوویەکان بۆمان دەردەخات کە سەرەرایی بە پیتی زەوی و ئاوخاکی فراوان بۆ کشتوکاڵ و شوێنکەوتەی بەتایبەتی بوتە هۆی هەبونی جموجوڵی بازرگانی و گەشەی هەمە لایەنی ئەم شارە.

ڕێگایی ئاورێشم سەرەکیترین ڕێگا بازرگانی لە ڕۆژهەلاتی دوورەوە تاکو ئەوروپا بوو. ئەم ڕێگایە کە پێشینەکەی بۆ سەدەی دووەمی پێش زاین دەگەرێتەوە ، ولاتی چینی بە ئێران و ڕۆژهەلاتی ناوەراست و ئاسیایی بچوك و زەریای ناوەراست و گەروی جبل الگارق پەیوەست دەکرد[ة]. زنجیرە چیایی زاگرۆس کە دەکەوێتە نێوان بانی ئێران و میزۆپۆتامیا، هاتوچۆی ئەم دوو ناوچەیە سنوردارکردوە بە سێ ڕێگا:

یەکەم: ناوچەی رەواندزەوە،

دووەم: لە باشووری ڕۆژئاوایی ئێران کە بەرێگایی شوش ناسراوە،

سێیەم: ڕێگایی هەمەدان – کرماشان- خانەقین

ڕێگایی هەمەدان – کرماشان –خانەقین زۆر لە جادەی شاخاوی رەواندز باشتربوو بەهۆی هەبونی شاخ و دوڵی هەورەها لە جادەی شوش کە بەهۆی دوریەکی ئێجگار زۆری ئەم جادە باشتربوو بۆیە سەرەکی ترین ڕێرەو بۆ نێوان ڕۆژهەلاتی ئێران لە لایەکەوەو میزۆپۆتامیا و سوریە و فەلەستین و تاکو باکوری ئەفریقیا، ئەم ڕێگایەش بەناو شاری خانەقیندا تێدە پەری.

سەرەکی ترین بەشی ئەم شارێگایە کە ئێرانی بە نێوان دوو روبار و بەسرەو باکوری ئەفریقا دەلکاند پاش تێپەربونی لە شاری کرماشان و ملەی شاری حەلوان " زەهاو" دەهاتە ناوشاری خانەقین .[ةا]، بۆیە دەکرێت بڵێن ئەم شارە شارێکی بازرگانی وجوان و ئاوەدانی ئەو شارانە بوە، بەهۆی ئەوەی لە ڕێگا بازرگانیەکان بووون پیان دەڵێن شاری بازرگان. ئەو

كەسانەی كە لە ناو خانەقین تێپەر بوون باسی ئاوەدانی و گرنگی ئەو شارەیان كردوە بۆنمونە یعقوبی لە كتێبەكەیدا (البلدان) كاتێك باسی شەری جەولا دەكات لە ساڵی ١٩ كۆچی دەڵێت سوپا ئیسلام لە جەلەولاوە بەرەو خانەقین كە لە بە شكۆترین شارەكان رۆشتن.

## تەوەری دووەم / گرنگی پێگەی شاری خانەقین

وەك ئاماژەمان پێكرد خانەقین لەسەر رێگایەك وەستاوە كە بایەخی تائێستا نەتەنها لەدەست نەداوە بەڵكو بگرە زیادی كردوە، ئەم شارە یەكێكە لە شارەكانی حەلوان بوە ، سەرچاوەكان ئاماژە بە ئاوەدانی و دەوڵەمەندی ئەم شارەیان كردوە لە ساڵی ١٣٣٢ كۆچی میرزا داود ناوبانگ بە وەزیری وەزایف لە كاتی گەرانەوەی لەسەفەری حەج دا لە خانەقین تێپەریوە و لەسەفەرنامەكەیدا دەڵێت خانەقین شارۆچكەیەكە كە هەموو شتێك لە ناویدا هەیە بازارێكی بەناوبانگی و جەراحی خیرا.

سەبارەت بە گرنگی ئەم شارە وەكو وێستگەیەك تەنها چەند نمونەیەك ئاماژە دەكەین. كاتێك هۆلاكۆ لەساڵی ٥٤ كۆچی مەغۆل هێرش دەكاتە سەر بەغداد لە خانەقین كەمپی سەربازی بەرپا دەكات.

لەسەردەمی كۆلۆنیالیزم دا خانەقین رۆڵی گرنگی بۆ ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا هەبوە. دوای هاتنی وڵاتە كۆلۆنیالەكان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست خانەقین بایەخی زیادی كرد، بەم هۆیەوە بوە وێستگەیەكی گرنگ بۆ وڵاتی بەریتانیا بۆ گەیشتن بە هیندسان لە رێگای وشكانیەوە یەكەم وێستگەی تەلەگرافی بەریتانیا لە خانەقین بۆ تاران كێشرا ، خانەقین تەنها دەروازەی گەیشتن بە ئێران نەبوو بەڵكو هەروەها وەك ئاماژەمان پێكرد ئاسانترین و بەسودترین رێگا بوو. جۆرج كروزون لە كتێبەكەیدا ئاماژە بە ئەوە دەكات كە لە نێوان كرماشان و خانەقین پۆستخانە هەبووە كە لە شاری سەرپێڵی زەهاو بوە، دیارە ئەم رێگایە شا رێگا بوە.

جەیمس فلیكس جۆنز* لە بارەی گەشتەكەی لە بەغداوە بۆ ناوچە سنوریەكان لە ساڵی ١٨٤٤ دەنوسێت ناوچەی خانەقین وێستگەیەكی بازرگانی گرنگە بۆ ولایەتی بەغداد و هەرێمی كرماشان، هەروەها ئاماژە دەكات كە بەشێكی زۆر لە ماڵە ئابوریە گرنگەكان لە بەغداد و كرماشان بریكاری بازرگانیان لە خانەقین هەبوو.

---

* جەیمس فلیكس جۆنز كە ئەندامی باڵای لیژنەی هاوبەشی بەریتانی - روسی بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی سنور (عوسمانی _قاجاری) بووە.

بەریتانیا بۆ پاراستنی هێندستان ناچار بو بێجگە کۆنترۆڵی دەریاکان لە رووی وشکانیشەوە بەرگری لە هەرمەترسیەك بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەو وڵاتە بکات، بۆیە لە هیندسانەوە تاکو دەریایی ناوەراستی داگیرکردوە. ئاما نجی سەرەکی سیاسەتی ئەم ئیمپراتۆریایە پاراستنی رێگایی وشکانی لە دەریایی ناوەراستەوە بۆ هیندستان بوو، ئەم رێگایەش لە اردن – عێراق – ئێران- ئەفغانستان تێپەر دەبوو، لە عێراق لە ناوچەی خانەقین و لەسەر رێگایی کۆنی خانەقین – کرماشان تێدەپەری، بۆیە خانەقین کۆتا وێستگەی ئەم رێگایە بوو لە خاکی عێراق دا ، هەربۆیە ئەم شارە بایەخی ئێجگار گرنگی بۆ بەریتانیا هەبوو.

بۆ ئەم مەبەستە لەسەردەمی شەری یەکەمی جیهانیدا بەریتانیا دەستی کرد بە کێشانی هێڵی تەلەگراف لە لەندەن بۆ هیندستان، ئەم هێڵە پاش گەیشتن بە خاکی عێراق بە خانەقیندا تێپەر دەبو. لە ساڵی ١٢٨٠ ك. یەکەم ئیمتیازی بۆ کێشانی هیلێك لە خانەقین بۆ تاران و بوشهر لە باشوری ئێران و لە حکومەتی ئێران وەرگرت. ئەمە هەستیاری ناوچەی خانەقین لەوسەردەمە پیشان دەدات.

شاری خانەقین بە پێچەوانەی شارەکانی تری کوردستان بەهۆی پێگەی مێژووی خۆی چەند ئاین و مەزهەبی و تەنانەت چەند نەتەوەشی لەخۆ کۆکردۆتەوە، بۆنمونە ئیسلام (شیعە و سونە) جولەکە، مەسیحی کاکەیی تێدا ژیاوە ، بەلاّم لە ئێستادا تەنها پەیرەوانی سێ ئاینی تێدا ماوەتەوە. چونکە جولەکەکان ئەم شارە لە دوای دروستبونی دەوڵەتی ئیسرائیل بەزۆر بێت یان ویستی خۆیان ئەم شارەیان جێهێشت، سەبارەت بە مەسیحیەکانیش دوای لاوازبونی دەسەلاّتی بەریتانیا لە ئەم شارەدا نەمان.

ئەم رۆڵەی خانەقین لە مێژووی هاوچەرخیش بەهەمان شێوە پربایەخ بو لە چەند شەری نێوان ئێران و عوسمانیدا ئەم شارەیان دەوری ئێجگار گرنگی هەبوە لە کۆتایشدا کرا بە سنوری نێوان ئێران ئەم دوو زلهێزە .

## بەشی دووەم / خانەقین لە سەدەی هاوچەرخ

### تەوەری یەکەم / خانەقین لەسەرەتایی سەدەی بیستەم

وەك چۆن لە ناو سەرچاوەکان بۆمان دەرکەوت خانەقین یەکێکە لەو شارانە کە ناوبانگی تایبەتی هەیە، گەریدەیەك نەبوە لە ناویدا تێنەپەریبێ، سوپایەك نەبوە لە ناویدا کەمپی هەڵنەکردبێت، بۆیە تەنها باسکردن سەبارەت بە

گرنگی بازرگانی ئەم شارە کەموکوڕی توێژینەوەکە دەردەخات، بەتایبەت کاتێك بمانهەوێ بایەخو پێگەی ئەم شارە لە مێژووی هاوچەرخدا باس بکەین، ناچار دەبین تیشك بخەینە سەر بابەت گەلێکیتر کە ڕەنگە دەرەجەی هەستیاریان سەرەرایی نوێبونیان لە روە بازگانیەکەی ئەم شارە پێشی گرتبێ،ئەویش مەسەلەی نەوتە.

لە ساڵی ١٩٠١ بۆیەکەم جار لە لە رۆژهەلاتی ناوەراست لە ناوچەی (چیا سورخ ) کە سەربە شاری خانەقینە نەوت دۆزرایەوە، ئەگەر چی توانایی کەمبوو، هەروەها لەوکاتەدا نەوت بایەخی ستراتیژی نەبوو، بەلام لایەنی کەم بۆ چەند زلهێزێك روون بوو کە داهاتوو هی نەوتە، هەربۆیە خانەقین گرنگیەکی یەکجار زۆری پەیداکرد بەهۆی دۆزینەوەی نەوتەوە.

لە ساڵی ١٩٢١ کۆمپانیایی نەوتی لقی خانەقین دەستی بە پروسەکانی کرد لەناوچەی نەوتخانە، و دواتر لە لەساڵی ١٩٢٧ پاڵاوکەی نەوتخانە کرایەوە، بەرهەمە نەوتیەکانی پالاوگەکە لەرێگەی شەمەندەفەرەوە دەگواسترایەوە بۆ هەموو شارەکانی عێراق جگە لە بەسرە.

دواتر خانەقین بوو بە شوێنی دامەزراندنی یەکێك لە پالاوگە گرنگەکانی عێراق. بۆ نمونە لە سەردەمی شۆرشی (رشید عالی گەیلانی) لە ساڵی ١٩٤١ کە لایەنگری ئەڵمانەکان بوو، بەرێوەبەری ئەو کاتەی پالاوکەکە کەسێکی بەریتانی بوو بەناوی "ولینگتۆن ریکس" . کۆمپانیایی نەوتی عێراق لەلایەن بەرتانیایەکانەوە لە ساڵی ١٩١١ز. بە ناوی کۆمپانیایی ئیمتیازەکانی ئەفریقا و رۆژهەلاتی دایمەزراندوە دواتر کرا بە شەریکەی نەوتی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٨ گۆرا بە کۆمپانیایی نەوتی عێراق.

لە کۆتایدا دەتوانین ئەوە بڵێین خانەقین لە نیوان بیستەکان و شەستەکانی سەدەی بیستەم، کۆمەڵگایەکی هەرە گەشەسەندووبوو و گەشاوە بوو، کە کەم شاری تری عێراق وەك خانەقین بوو، دانیشتوانەکەشی بەشداریەکی کارا و بزیویان هەبوو لە ئەو بزوتنەوە کۆمەلایەتی و سیاسیی لە عێراقدا بلاو ببونەوە.

لە درێژەی ئەم توێژینەوە کە باسی خانەقینە لە مێژووی هاوچەرخ دەکات، تیشك دەخەینە سەر هەمو ئەو لایەنانە کە لە کونەوە بایەخیان بوە و روونی دەکەینەوە کە لە مێژووی هاوچەرخ دا نە تەنها ئەولایەنانە بایەخیان کەم نەبوەتەوە

بەلكو رولّی تازەیان بەخشیوە بەم شارە بە تایبە کاتیك بزاڤی رزگاری خوازی گەلی کوّرد لە خانەقین دەگەشێتیوە و لەم شارە وەکو پێگەییێکی ستراتیێجیك بو بەرەنگاری کردن لە دژی رژیمی بەعس سود وەر دەگریّ.

مارتین ڤان بروینسن لە کتێبەکەی بە ناوی (ئاغا و شێخ و دەوڵەت) سەبارەت بە ئەم هەمە رەنگیە ئاینیە ، ئاماژە بوَ ئەوە دەکات سەرەرایی جیاوازی ئاینی و مەزهەبی بەلاّم هاولاّتیانی ئەم شارە لایەنی نەتەوایەتیەکان بەسەریاندا زالْبوە نەك ئاینی بۆ ئەمەش ئاماژە بە سەرقالْبونی و بەشداری خەلّکی ئەم شارە دەکات لە جموجولّە نەتەوەییەکانی بزوتنەوە ی رزگاری خوازی گەلی کورد لە سالّانی شەست و حەفتاکان سەدەیی بیستەم.

## تەوەری دووەم / خانەقین لەسەردەمی دەسەلاّتی بەعسیەکان

پاش گرتنە دەستی دەسەلاّت لە لایەن بەعسەکان لە عێراق، پێگەی ئەم شارە بەشێوەیەکی دیکە مامەلّەی لەگەلّدا کرا، بە جۆرێك بەعسیەکان بە دوو سیاسیەتی ئابووری و سیاسی خۆی لە ئەم شارە پیادەکرد. یەکەم : لەسەرەتاوە تاکو سەرهەلّدانی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد.دووەم لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد تاکۆتایی دەسەلاّتی بەعسیەکان، ئەم دابەشکردنە سیاسیە، و هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ کاریگەری سیاسیە ت لەسەر شاری خانەقین

لە قۆناغی یەکەم خانەقین وەك شارێکی عێراقی مامەلّەی لەگەلّدا کرا، هەربۆیە لە رووی ئابووری بە هۆی گرنگی پێگەکەی بایەخی شیاوی پێدرا، هەبوونی پالاّوگەی کۆمپانیایی نەوتی عێراقی کە بەریتانیا دا یمەزراندبوو، هەروەها بونی هێلّی شەمەندەفەر کە ئەویش بۆ گواستنەوەی نەوتی خاو دامەزرابوو ببوە هۆی راکێشانی سەرنجی دەولّەتی عێراق، بە واتایەکی تر بنەماکانی ژێرخانی ئابووری خانەقین وای لە حکومەت کرد تێرامانی(بایەخی) تایبەتی هەبیّ بۆ ئەم ناوچەیە، هەرچەندە لەم قۆناغەدا هەموو شوێنەکانی تری عێراق گەشانەوە دەرئەنجامی ئەمەش خانەقین گەشانەوەیەکی زیاتری تێدا دەرکەوت بەلاّم زۆری نەخایاند بزوتنەوەی رێزگاریخوازی کورد دەستی بە جموجولّە سیاسیی و سەربازیەکانی کردوە، خانەقینیش پێگەیەکی گرنگی لەم جموجولە هەبوو ، لەلایەکی تریشەوە خۆێندکارانی گە نجی کورد لە شارێکی وەك بەغداد بونە بزوێنەرێکی سەرکی جموجولّ و چالاکیەکانی ئەم بزوتنەوەیە ، هەربۆیە بەعسیەکان لێرەوە نەك بایەخیان بە ئەم شارە نەدا بەلّکو پلانی بۆ وێرانکردن و گۆرینی دیمگرافیایی ئەم شارەوە، و تێکدانی ژێرخانی سەرەکی ئابووری ئەم شارە ، لەوانەش پالاّوگەی نەوت و هێلّێی شەمەندەفەر و رێگاوبانی

ئەم شارە، رەفتارەکانی بەعسیەکان تەنها بەمە کۆتایی پێنەهات، بەڵکو لوتکەی ئەم سیاسیەتەی بەعسیەکان خۆیی لە بەعەرەبکردن و راگواستنی دانیشتوانی کوردی ئەم شارەو و وێرانکردنی سەرجەم گوندە کوردنشینەکانی کە سەرچاوەیەکی سەرەکی بژێوی ژیانی گوند و شاری خانەقینی پێك دەهێنا. پاشان ناوچە وێرانکراوەکانی کرد بە ناوچەی قەدەغەکراو (محرمات) بۆ کورد ، لەبەرامبەریشدا دەستی کرد بە دروستکردنی گوندی هاوچەرخ بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبە هاوردەکان، واتە سیاسەتی پاکسازی و قڕکردنی بەکارهێنا بەرامبەر نەتەوەیی کورد

پاش وێرانکردنی گوندەکان ئەم پرۆسەیەش لە ناوشاری خانەقین پیادەکرا، کە سەرئەنجام چەندین لێکەوتەی خراپی لەسەر ئەم شارە دروستکرد لەوانەش کاریگەری خراپی لەسەر بارودۆخی ئابووری دانیشتوانی شاری خانەقین دروستکرد، هەروەها دیموگرافیایی ئەم شارەی تێکدا لە دەرئەنجامی پەیرەوکردنی سیاسەتی راگواستنی زۆرە ملێی و راوەدونانی هاولاَتیانی ئەم شارە، هەروەها وەك ئۆردگایەکی زۆرە ملێ مامەڵەیان لە گەڵ ئەو دانیشتوانەشی کە مابونەوە دەکرد بەشێوەیەك کە هەموو جموجوڵێکی دانیشتوانەکەی لەلایەن دامودەزگا ئەمنیەکانەوە لە ژێر چاودێریدا بوون مامەڵەکردنی بەعسیەکان ترس تۆقاندنی لای دانیشتوانی ئەم شارە دروستکردبوو بە شێوەیەك کە ژیان تێدا مەحاڵ بوو کە دەرئەنجام بەدەر لە راگواستنی زۆرە ملێ چەندین خێزانی کورد بە ناچاری ئەم شارەیان بە جێهێشت، ئەم پرۆسەیە تاکۆتا رۆژەکانی دەسەلاَتی بەعسیەکان لە عێراق بەردەوامی هەبوو. ئەم قۆناغە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی بوو بۆئەم شارە، چونکە شارێك کەلە مێژوودا پێگە جیو سیاسی گرنگەکەی و هەروەها بونی نەوت کردبووی بە یەکێك لە گەشاوەترین شارەکانی رۆژهەلاَتی ناوەراست، بە درێژایی مێژووی چەند هەزار ساڵە ئەم پێگەی پاراستبوو سەرەرایی وێرانکاری و ئەو شەرو پێکدانەی هێزە ئیقلیمی و نیودەوڵەتیەکان لە ئەم ناوچە، بەلاَم لە ماوەیەکی کورتدا بەدەستی بەعسیەکان بە شێوازێکی ناسروشتی پەراوێزخرا، چونکە پەراوێزخستنی کوردستان بە گشتی و خانەقین بەتاییەتی بەشێکی نەگۆر بووە لە سیاسیەتی رژێمی بەعس. لێرەدا پرسیارێك گەلاَڵە ئەبێت، ئەویش ئەمەیە کە ئایا سیاسەتەکانی بەعسیەکان وایکرد شاری خانەقین بەیەکجاری بایەخ و پێگەی نەمێنێت یان قۆناغیی بەعسیەکان قۆناغێکی راگوزەرە. لە وەلاَمی ئەم پرسیارەدا ناچارین تیش بخەینە سەر قۆناغێکی تری ئەم شارە کە پاش روخانی دەسەلاَتی بەعسیەکان لە عێراق دەست پێدەکات.

## بەشی سێیەم / گرنگی خانەقین بۆ هەرێمی کوردستان

وەك لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان بە گرنگی پێگەی خانەقین کرد، کە هەر قۆناغێك و گرنگیەکی تایبەت هەبووە و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازی هەیە .

لە دوای رزگارکردنی شاری خانەقین لە ساڵی ٢٠٠٣ ، شاری خانەقین تا رادەیەك ئەو رۆڵ و پێگەی بۆ گێرایەوە کە لە سەردەمی بەعسەکان پەراوێزخرابوو، بۆنمونە خاڵی سنوری (مونزیە ) بوە بە جێگایەکی سەرەکی بۆ هاتنی گەشتوگوزاری ئاینی بۆ شارەکانی عێراق، هەرێمی کوردستان توانی دەسەلاتی خۆی تیادا بسەپێنێت و جیاوازتر لە ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکانی تر دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی باڵا دەستبوو، هەر زوو بەشێك لە دێهاتەکانی لەلایەن دانیشتوانەکانیەوە ئاوەدانکرانەوە، بەشێك لەو خێزانانەی بەر سیاسیەتی راگواستن کەوتبون گەرانەوە شارەکە.

بەلام ئەوەی جێگایی ئاماژەیە بەهۆی گرنگی شارەکە و پێگە جیوسیاسیەکەی هەمیشە خاڵی ململانێی بووە لەگەڵ حکومەتی عێراق. هەر بۆیە چارەسەرکردنی یەکجارەکی پرسی ئەم ناوچەیەش وەك ناوچە کوردستانیەکانی لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ پەیوەست کرا، دوای ئەوەی ئەم بەندەی دەستوریش جێبەجێی نەکرا، هەمیشە حکومەتی فیدراڵی عێراق لە هەوڵی کێشە نانەوە بوە بۆ خانەقین و بێ بەشی دەکرد لە ئەو داهاتە زۆر و زەوندەی کە بۆشارەکانی تر تەرخانی دەکرد، لە کاتێکدا ئارامترین شار بوو لە رووی بەرقەرایی ئەمن و ئاسایشەوە. بە پێچەوانەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن پارێزگاری دیالی هەوڵی ئەوە دەدرا رێگە بە پەیوەستبونی خانەقین بە هەرێمی کوردستان نەدرێت. بۆیە لەو سۆنگەیەوە چەندین کێشە لە لایەن وەزارەتەکان و پارێزگای دیالە بۆ دامودەزگا ئەمنی و خزمەتگوزاریەکانی ئەم شارە دروست دەکرد. هەروەها دوای کۆتایی هاتنی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و زیادبونی ئالۆزیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە بەغداد، خانەقین بوە یەکێك لە و شارە کوردستانیانەی کە هەمیشە هەوڵ دەدرا لەرێگەی سوپای عێراقەوە (هێزەکانی دیجلە) دەست بەسەریدا بگیرێت. ئالۆزیەکان لەسەر ئەم پرسە تارادەیی پێکدادانی سەربازی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە گەیشت . لە لایەکی تریشەوە گروپە توندرەوەکان هەمیشە لە هەوڵی تێکدانی ئارامی شاری خانەقین بوون لە رێگەی کاری تیرۆریستی

لە رووی ئابووریشەوە وەك چۆن لە تەوەری یەکەمدا ئاماژەی پێ درا، ناوچەی خانەقین ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوتی ژێر زەوی و هەروەها گازی سروشتی ، لە ماوەی رابردوو چەند کۆمپانیایەك لە باکوری شارەکە لە ناوچەی (چیا سورخ) دەستیان کردوە بەلیدانی بیری نەوت. هەروەها بەهۆی بونی چوار خاڵی سنوری کە دوانیان سنوری گەورەن(مونزریە و پەروێزخان) دووانی تر بچوك (حاجی لە ر و پشتە ) جموجوڵیکی بازرگانی کەوتە ناوچەکە کە لە رێگەیانەوە نەوت رەوانەی دەروە دەکرێت و شمەکی هاوردە بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەگوازرێتەوە، لەگەڵ ئەوەش بەشێك لەم سنورانە بونەتە رێرەوێکی گەشتیاری ئاینی لە نێوان ولاتی ئێران ومەزارە پیرۆزەکانی عێراق کە هەموو ئەمانەش سەرچاوەیەکی داهاتی باش بۆ دانیشتوانی ناوچە کە و هەرێمیش دەستە بەردەکات.

لە دوای هەرەس هێنانی سوپای عێراق لەبەرامبەرا هێرشی داعش لە شارە سونە نشینەکان لە ساڵی ٢٠١٤ و پاشەکشە کردنی سوپایی عێراق لە ناوچە سنوریەکان لە گەڵ هەرێمی کوردستان، گرنگی ئەم شارە زۆرتر بەدەر کەوت و بوە پێگەیەکی جیوستراتیژی هەرێمی، هەربۆیە داعش بە هەموو توانایەوە هەوڵی ئەوەی دەدا دەست بەسەر ئەم شارەدا بگرێت، بەلاَم بەرگری هێزەکانی پێشمەرگەی ئەم شارەیە پاراست. یەکێك لە ئاما نجەکانی داعش بۆ بەدەستهێنانی ئەم شارە پێگە ئەم شارەبوو بە حوکمی هاوسنوری لەگەڵ ولاتی ئێران، بۆ ئەوەی هەم هەرەشە بێت بۆ ئێران، و هەم رێگری بکات لە سەرخستنی ئەو پرۆژە جوپۆلەتیکیەی کە بە هیلالی شیعە ناو دەبرێت. لەلایەکی ترەوە یەکێکیتر لە هۆکارەکانی بریتیە لەو عەقلیەتیە شۆڤێنیەی کە هەمیشە خانەقینی بە شارێکی عەرەبی دەبینی، هەر بۆیە داعش دەیەویست بە ناوی ئاینەوە خانەقین لە چوارچێوەی جیوەپۆلەتیکی عەرەبی بێت. راستی ئەم قسە کاتێك سەلمێنرا کە دەرکەت ئاراستەی هێرشەکانی داعش تەنها بە ئاراستەی ئەو هێڵە جوگرافیە بو کە پێش ساڵی ٢٠٠٣ لە ژێردەسەڵاتی رژێمی بەعس بوو.

پاش دورخستنەوەی هەرەشەی داعش لە ناوچەکە، سەرەرایی ئەو گرنگیانەی لە پێشتر باسمان کرد، لە ئێستا خانەقین بایەخیکی دیکەی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە. بە تایبەت بۆ پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ئەم گرنگیەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە پێگەی خانەقین و پێکهاتەی ئاینی بەشێك لە دانیشتوانەکەی دەبێتە خاڵێکی گرنگی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دوو ولاتدا ئەویش ولاتانی ئێران وعێراقە لە دوای جیابونەوەی کوردستان لە عێراق.

چونکە ئەوکات خانەقین دەبێتە دراوسێ دوو دەوڵەت، لە لایەکی تریش بەهۆی پێکهاتە ئاینیەکەی بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی کار ئاسان دەبێت بۆ دروستکردنی هەماهەنگی و پەیوەندی توندوتۆڵ لە گەڵ ئەو دوو دەوڵەتە دا. هەروەها لە پێگەی ململانیی نێوان ولاتە ئیقلیمیەکانیش رۆڵی گرنگی ئەبێت بەتایبەت لە گۆرینی نەخشەی جوگرافیای سیاسی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست چونکە خانەقین خوی لەو پێگە جیوپۆلتیکیە .

لە ئاستی نێودەولەتیش لەناو پرۆژەی نابوکۆ، خانەقین گرینگی ستراتیجی یەکجار زۆری هەیە. لە چوارچێوەی دیراسەکردنی پلانی ئایندەی هێزە نێودەوڵەتیەکان وەك (ولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئەوروپا). ئەم پلانە بریتیە لە راکێشانی بۆری گازی سروشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بۆ ئەوروپا، بۆ ئەوەی لە ژێر فشاری روسیا بۆ دەستکەوتنی گازی سروشتی دەرچەیەکی تریان هەبێت . بە مانایەکی تر بە هۆی بونی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و لەم شارە بەتایبەت رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە پرۆژەی نابوکۆ، چونکە خۆ دەبینێتەوە لە بەشداریکردن لە جوگرافیایی دابینکردنی گاز بۆ ئەوروپا، هەربۆیە پێگەیەکی گرنگی ئەبێت لە ئاستی نیودەوڵەتی، چ لە رووی ئابووری بێت یان لە روی بەستراتیژبونی ئەم شارە، بەمەش بەشداریەکی گەروەی دەبێت لە بەهێزبونی ئابووری هەرێم کوردستان .

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێن بەهۆی پێگە جیوسیاسی و ستراتیژیەکەی و بەهۆی بونی نەوتی و هەروەها پێکهاتەی ئاینی دانشتوانەکەی، خانەقین یەکێك لە ناوچە پر بەهاکان بۆ ئایندەی دەوڵەتی کوردستان کە گرنگیەکەی ئەگەر لە گەورەترین شاری کوردستان زیاتر نەبێت ئەوا کەمتر نیە.

**دەرئە نجام**

١. خاوەن پێگەیەکی جیوسیاسی گرنگ بوە ئەم پێگە گرنگەی لە قۆناغێکی مێژووی بۆ قۆناغێکی تری مێژووی گۆرانی بەسەردا هاتوە. و بە گشتی جوگرافیایی ئەم شارە کاریگەری لەسەر بایەخی و پێگەی ئەم شارە لە کۆنەوە تاکو ئێستا هەبووە.

٢. شاری خانەقین یەکێك بوە لە شارە درەو شاوە و پرجولەکانی لە مێژووی لە رۆژهەلاتی ناوەراست .

٣. لەسەدەی نوزدەهەمدا ناوەندێکی بازرگای گرنگ بووە لە نێوان بەغداد و کرماشان ماڵە ئابوریەکان گەورەکان بریکاری بازرگانیان لەم شارە هەبووە .

٤. دەولەمەندە بە سامانی سروشتی بە تایبەت نەوت و گاز ، هەربۆیە لە سەرەتایی سەدەی بیستەمدا یەكەم بیری نەوت لە رۆژهەلاَتی ناوەراست لەم شارە دۆزرایەوە.

٥. لە بیستەكان تاوەكو شەستەكانی سەدەی بیستەم گەشاوەترین شارەكانی عێراق بووە كە رۆلێكی گەورەی لە چالاكیە رۆشنبیری و سیاسیەكانی ئەوكاتەی عێراق هەبووە.

٦. لەگەلْ ئەوەی بەعسیەكان هاتنە سەرتەختی شانۆیْ سیاسی ودەسەلاَتیان لە عێراق گرتە دەست، بەهەموو توانایەك كەوتنە وێران كردنی ژێرخانی ئابووری ئەم شارەو، دەستیانكرد بە راگواستنی دانیشتوانە كوردەكەیی و وێرانكردنی گوندەكان و هاولاَتی عەرەبیان لە شوێنیان نیشتەجێكرد.

٧. لە دوای روخانی بەعس حكومەتی هەرێم توانی ئەم شارە بخاتە ژێر دەسەلاَتی خۆی، بەلاَم هەمیشە جێگەی ململانێ بووە لە نێوان هەرێم و بەغداد، هەربۆیە بەغداد بیْ بەشی كردوە لە خزمەتگوزاری دابینكردنی بودجە بۆ ئاوەدانكردنەوەی.

٨. بەهۆی پێگە ستراتیژیەكەیی و هەروەها بونی نەوت و گاز لە م شارە، رۆلێكی گرنگی ئەبێت لە گەشانەوەی ئابووری هەرێمی كوردستان، و سەرخستنی پرۆژەی سەربەخۆی و راگەیاندنی دەولەتی كوردی.

٩. لەئێستا بەهۆی بونی پرۆژەیەكی ئیقلیمی (هیلالی شیعی) و پرۆژەیەكی نێودەولەتی (نابۆكۆ) ، كە خانەقین لە هەردوو پرۆژەكە لە چەقی ئەم پرۆژانانەیە ئەمەش پێگەیەكی ستراتیژی پیْ دەبەخشێتەوە .

## سەرچاوە و پەراوێزەكان

---

[i] لئونارد ماسلى، از امتياز نامة دارسي تا كودتاى ٢٨ مرداد-نفت- سياست-كودتا، ترجمة: سعد رفيعى مهرآبادى، نشر رسام، تهران ، ضاث دوم،جلد١، ١٣٦٦، ص ٦٤-١٠٠

[ii] بطرس بلغاكوفو انس خالدوف، رسالة ثانية لابي دلفن: رحالة القرن العاشر، نرجمة : محمد منير مرسي،عالم كتب، قاهرة،١٩٧٠، ص٦٠

[iii] خضير عباس ابراهيم، استعمالات الارض الزراعية في قضاء خانقين، اطروحة دكتوراه، غير منشورة كلية تربية ابن رشد، جامعة بغداد، ٢٠٠٥، ص ٢١٤،

[iv] نقي لطفي و محمد علي عليزاده، تاريخ تحولات اوروپا در قرون جديد، نشر سمت،چاپ نهم، تهران ١٣٩١،ص ٧١.

[v] عبدالعزيز دورى ، بغداد ، ترجمة : اسماعيل دونشاهي و ايدج ثرونشاني، بنياد دايد المعارف اسلامي، تهران، ١٣٧٥، ص٨٢

[vi] برسوي محمد بن عصى، اوصنع الممالك الى معرفة البلدان و الممالك، مصحح عبدالرضا مهدي، دار نشر اسلامي ، بيروت، ١٤٢٧،ص ٢٠٧

[vii] احمد بن اسحاق يعقوبي، البلدان- اليعقوبى، مصحح: محمد امين قناوي، دار الكتب العميد، بيروت،١٤٢٢، ص٧٢

[viii] محمد بن احمد كرمي، احسن التقاسيم، دار صادر، الطبعة الثانية، بيروت، ص ١١٣

[ix] داود بن علينقى، سفرنامه ميرزا داوود وزير طايف، ١جلد، نشر مشعر - تهران، چاپ: دوم، ١٣٨٦ ه.ش ص٢٣٠.

[x] عباس عزاوى، موسوعة تاريخ العراق بين احتلالين ، الدار العربية للموسوعات ، جلد ١، بيروت ١٤٢٥ ه. ق ص ١٩١.

[xi] مرتضى راوندي، تاريخ اجتماعي ايران، انتشارات نگاه ، جلد٤. ص٧١٠

[xii] ايران و قضية ايران، جورج ناتانيل كرزن / ترجمه: غلام على وحيد مازندرانى، انتشارات علمى و فرهنگى. ص٩١.

[xiii] فريد هاليداى و اخرون ، الاثنية و الدولة :الاكراد في العراق و ايران و تركيا ، ترجمة عبدالاله النعيمي، معهد الدراسات الاستراتيجية ، الطبة الاولى ٢٠٠٦، بغداد -بيروت ،ص ٣٠٠

[xiv] A line in the sand( britain , france and the struggle for the mastery of the middle east , James barr, simon&schuster UK Ltd 1st floorlondon, 2011. Page 9

[xv] **ئەدهم رەمەزان، رێكەوتننامەی سایكس بیكۆ، كونفرانسی سایكس–پیكو، زانكۆی سلێمانی، ٢٠١٦. بڵاو نەكراوە.**

[xvi] مرتضى راوندي، جلد ٤، المصدر السابق ، ص٧١٠

[xvii] مرتضى راوندي، جلد ٨، المصدر السابق، ص٧١٠

[xviii] بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي )، الحدود الداخلية المتنازع عليها ، الجزء الاول ، ٢٠٠٩، ص ٢١٧.

[xix] مرتضى راوندى ، تاريخ اجتماعي ايران ، ، انتشارات نگاه ، جلد ٨ ، ص٣٨٦.

[xx] ستيفان همسلي لونكريك، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠الى سنة ١٩٥٠، سليم طه التكريتي، دار الفجر للنشر و التوزيع، ص ٢١١

[xxi] **مايكل روبن، دەوڵەتی كوردی: لێكۆڵینەوەیەك لەمەر كوردەكان، دراوسێكانیان، وڵاتانی ناوچەكە، وەرگێرانی : عەلی نادر، چاپەمەنی گەنج، چاپی یەكەم،٢٠١٧، ل ١٣٧.**

[xxii] بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي )، المصدر السابق، ص ٢١٧.

[xxiii] لئونارد ماسلى، المصدر السابق ، ص ٨١

[xxiv] مارتن فان بروينسن، الآغا والشيخ و الدولة: البنى الاجتماعية و السياسية لكردستان، ترجمة : أمجد حسين،معهد الدراسات الاستراتيجية، جزء الاول، الطبعة الاولى،بغداد- اربيل – بيروت،٢٠٠٧، ص٦٧

[xxv] **سی.جەی. ئیدمۆنس، كوردەكانی عێراق، وەرگێرانی عەبدولكەریم عوزێری، گۆڤاری كوردستان دیپلۆماتیك، ژمارە (٢) كانونی دووەمی ٢٠١٤، ل٢٣٩.**

[xxvi] ابراهيم محمد درويش بالاني،اثر البيئة السياسية في التغيير الديموغرافي في مدينة كلار (تحليل جغرافي سياسي ) گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (١) ساڵی بیست و یەك ، ئایاری ٢٠١٣ ، ل٣١٣

[xxvii] چیا، سیاسەتی راگواستنی كورد لە كوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٤) ساڵی دووەم، كانونی دووەمی ١٩٩٤، ل٨

[xxviii] حەمید عەبدوڵا صالح ، نەخشەكانی تەعریب لە كەركوك ، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٣) ساڵی شانزەهەم، ئابی ٢٠٠٨، ل٤

[xxix] چیا، راگواستنی ناوچە سنوریەكانی كوردستانی ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣

[xxx] بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي )، المصدر السابق ، ص ٢٢١.

[xxxi] دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ ، ئەنجومەنی نیشتمانی عێرق.

[xxxii] جدل بشأن تولي قيادة عمليات دجلة مهامها في كركوك وديالى، الحرة/ العراق١٤سبتمبر، ٢٠١٢

https://www.alhurra.com/a

[xxxiii] قوات من البشمركة تنزل من الجبال وتتمركز قرب خانقين، جريدة المدى، 2012/11/21 16:40

https://www.almadapress.com/Ar/

[xxxiv] الجزيرة، أكثر من ٢٠٠ قتيل وجريح قبل مؤتمر المصالحة العراقي، /١٨/١١/٢٠٠٥، http://www.aljazeera.net/

[xxxv] بيوار خنسى، شركة كردستان للغاز الطبيعي،'گوڵان ميديا ، 02/08/2016، http://www.gulan-media.com/arabic

[xxxvi] بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي )، المصدر السابق ، ص ٢١٧.

[xxxvii] فەرید ئەسەسەرد ، توركیا و درێژكردنەوەی سنور تا روباری سیروان ، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢) ساڵی بیست و چوار، تشرینی دووەمی ٢٠١٦، ل١٥٩

[xxxviii] تسامر مهدي جسام، الأهمية الجيوستراتيجية للمدن الحدودية مدينة خانقين أنموذجا، موقع الالكتروني لجامعة ديالى، ٢٠١٦/٥/١٨، http://www.uodiyala.edu.iq/

[xxxix] غاز كوردستان العراق يلعب دورا هاما بمشروع نابوك، موقع الالكتروني حكومة اقليم كوردستان- العراق،

http://cabinet.gov.krd

## سەرچاوەكان

### یەكەم / كوردی


١. ابراهيم محمد درويش بالاني،اثر البيئة السياسية في التغيير الديموغرافي في مدينة كلار (تحليل جغرافي سياسي ) گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (١) ساڵی بیست و یەك ، ئایاری ٢٠١٣ .

٢. ئەدهم رەمەزان، رێكەوتننامەی سایكس بیكۆ، كونفرانسی سایكس–پیكو، زانكۆی سلێمانی، ٢٠١٦. بڵاو نەكراوە.

٣. حەمید عەدولاّ صالّح ، نەخشەکانی تەعریب لە کەرکوك ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٣) ساڵی شانزەهەم، ئابی ٢٠٠٨.
٤. دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ ، ئەنجومەنی نیشتمانی عێرق.
٥. سی.جەی. ئیدمۆنس، کوردەکانی عێراق، وەرگێرانی عەبدولکەریم عوزێری، گۆڤاری کوردستان دیپلۆماتیك، ژمارە (٢) کانونی دووەمی ٢٠١٤.
٦. چیا، سیاسەتی راگواستنی کورد لە کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٤) ساڵی دووەم، کانونی دووەمی ١٩٩٤.
٧. فەرید ئەسەسەرد ، تورکیا و درێژکردنەوەی سنور تا روباری سیروان ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢) ساڵی بیست و چوار، تشرینی دووەمی ٢٠١٦.
٨. مایکل روبن، دەوڵەتی کوردی: لێکۆڵینەوەیەك لەمەر کوردەکان، دراوسێکانیان، ولآتانی ناوچەکە، وەرگێرانی : عەلی نادر، چاپەمەنی گەنج، چاپی یەکەم،٢٠١٧.

**دووەم / عەرەبی**

١. احمد بن اسحاق يعقوبي، البلدان- اليعقوبى، مصحح: محمد امين قناوي، دار الكتب العميد، بيروت،١٤٢٢.
٢. برسوي محمد بن عصى، اوضاع الممالك الى معرفة البلدان و الممالك، مصحح عبدالرضا مهدي، دار نشر اسلامي ، بيروت، ١٤٢٧.
٣. بطرس بلغاكوفو انس خالدوف، رسالة ثانية لابي دلفن: رحالة القرن العاشر، نرجمة : محمد منير مرسي،عالم كتب، قاهرة،١٩٧٠.
٤. بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي )، الحدود الداخلية المتنازع عليها ، الجزء الاول ، ٢٠٠٩.
٥. خضير عباس ابراهيم، استعمالات الارض الزراعية في قضاء خانقين، اطروحة دكتوراه، غير منشورة كلية تربية ابن رشد، جامعة بغداد، ٢٠٠٥.
٦. ستيفان همسلي لونكريك، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠الى سنة ١٩٥٠، سليم طه التكريتي، دار الفجر للنشر و التوزيع.
٧. عباس عزاوى، موسوعة تاريخ العراق بين احتلالين ، الدار العربية للموسوعات ، جلد ١، بيروت، ١٤٢٥.
٨. فريد هاليداى و اخرون ، الاثنية و الدولة :الاكراد في العراق و ايران و تركيا ، ترجمة عبدالاله النعيمي، معهد الدراسات الاستراتيجية ، الطبة الاولى ٢٠٠٦، بغداد -بيروت .
٩. مارتن فان بروينسن، الآغا والشيخ و الدولة: البنى الاجتماعية و السياسية لكردستان، ترجمة : أمجد حسين،معهد الدراسات الاستراتيجية، جزء الاول، الطبعة الاولى،بغداد- اربيل – بيروت،٢٠٠٧.
١٠. محمد بن احمد كرمي، احسن التقاسيم، دار صادر، الطبعة الثانية، بيروت.

**سێیەم /ئینگلیزی**

1. A line in the sand( Britain , France and the struggle for the mastery of the middle east , James barr, simon & schuster UK Ltd 1st floor London, 2011.

**چوارەم /فارسی**

١. جورج ناتانيل كرزن، ايران و قضية ايران، / ترجمه: غلام على وحيد مازندرانى، انتشارات علمى و فرهنگى. داود بن علينقى، سفرنامه ميرزا داوود وزير طايف، ١جلد، نشر مشعر ـ تهران، چاپ: دوم، ١٣٨۶ .
٢. عبد العزيز دورى ، بغداد ، ترجمة : اسماعيل دونشاهي و ايدج ثرونشاني، بنياد دايد المعارف اسلامي، تهران، ١٣٧٥.
٣. لئونارد ماسلى، از امتياز نامة دارسي تا كودتاى ٢٨ مرداد-نفت- سياست-كودتا، ترجمة: سعد رفيعى مهرآبادى، نشر رسام، تهران ، ضاث دوم،جلد١، ١٣٦٦.
٤. مرتضى راوندى ، تاريخ اجتماعي ايران ، ، انتشارات نگاه ، جلد ٨ .
٥. مرتضى راوندي، تاريخ اجتماعي ايران، انتشارات نگاه ، جلد٤.
٦. نقي لطفي ومحمد علي عليزاده، تاريخ تحولات اوروپا در قرون جديد، سمت،چاپ نهم، تهران ١٣٩١.

**پێنجەم / ئینتەرنێت**

١. بيوار خنسى، شركة كردستان للغاز الطبيعي،'گوڵان ميديا ، 02/08/2016، http://www.gulan-media.com/arabic
٢. تسامر مهدي جسام، الأهمية الجيوستراتيجية للمدن الحدودية مدينة خانقين أنموذجا، موقع الالكتروني لجامعة ديالى، ٢٠١٦/٥/١٨، http://www.uodiyala.edu.iq/
٣. جدل بشأن تولي قيادة عمليات دجلة مهامها في كركوك وديالى، الحرة/ العراق١٤سبتمبر، ٢٠١٢ https://www.alhurra.com/a
٤. الجزيرة، أكثر من ٢٠٠ قتيل وجريح قبل مؤتمر المصالحة العراقي، ١٨/١١/٢٠٠٥/، http://www.aljazeera.net/
٥. غاز كوردستان العراق يلعب دورا هاما بمشروع نابوك، موقع الالكتروني حكومة اقليم كوردستان- العراق، http://cabinet.gov.krd
٦. قوات من البشمركة تنزل من الجبال وتتمركز قرب خانقين، جريدة المدى، 16:40 2012/11/21 https://www.almadapress.com/Ar/